

ئانانسی و زانایی

# Anansi and Wisdom

Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
3
کوردی ckb / English en



له سەردەمانی زوو خەڵك هیچیان نەدەزانی. خەڵك نەیاندەزانی شت بچێنن یان پارچە بچنن یان کەرەستەی ئاسن دروست بکەن. خەڵك بووەریان وابوو خودایەك بەناوی “نیامە” لەئاسمانە کە هەموو زانیاریەکانی جیهانی لە لایە. ئەو هەموو زانیاریەکانی لەناو گۆزەیەکی گڵدا شاردۆتەوە.

. . .

Long long ago people didn’t know anything. They didn’t know how to plant crops, or how to weave cloth, or how to make iron tools. The god Nyame up in the sky had all the wisdom of the world. He kept it safe in a clay pot.



رۆژێکیان نیەم بڕیاری دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی بدات بە ئانانسی. هەر جارەی کە ئانانسی سەیری گۆزەکەی دەکرد، شتێکی نوێ فێر دەبوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو!

• • •

One day, Nyame decided that he would give the pot of wisdom to Anansi. Every time Anansi looked in the clay pot, he learned something new. It was so exciting!



ئانانسی چاوچنۆك بیری کردەووە: “من ئەم گۆزەیە لەسەر دارێک دەشارمەوە کە تەنیا خۆم بتوانم کەڵکی لێ وەربگرم!” ئەو پەتێکی درێژی هێناو لە دەوری گۆزەکەی ئاڵاند و لە کەمەری خۆی بەست و دواتر بەسەر دارەکە هەڵگەڕا، بەڵام زۆر بە سەختی دەیتوانی بە دارەکەدا هەڵگەڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ گۆزەکە بە ئەژنۆی دەکەوت.

. . .

Greedy Anansi thought, “I’ll keep the pot safe at the top of a tall tree. Then I can have it all to myself!” He spun a long thread, wound it round the clay pot, and tied it to his stomach. He began to climb the tree. But it was hard climbing the tree with the pot bumping him in the knees all the time.



کوڕە بچوکەکەی ئانانسی لەژێر دارەکە وەستابوو چاوی لێ دەکرد و گوتی: “ئاسانتر نەبوو کە ئەگەر ئەو گۆزەیەت لە کۆڵت بەستبا؟” ئەوجار ئانانسی هەوڵی دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی لە پشتی ببەستێ. لە ڕاستیدا ئەوا زۆر ئاسانتر بوو.

. . .

All the time Anansi’s young son had been standing at the bottom of the tree watching. He said, “Wouldn’t it be easier to climb if you tied the pot to your back instead?” Anansi tried tying the clay pot full of wisdom to his back, and it really was a lot easier.



خەريك بوو لەترۆپكی دارەكە نزيك دەبوويەوە، بەڵام دواتر راوەستا و بيری كردەووە: “بڕیار وابوو هەر ئەمن هەموو زلاییەكم هەبێت، بەڵام ئێستا كوڕەكەم لە من ژيرترە!” ئانانسی زۆر توڕە بوو، بۆيە گۆزەكەی لەسەر درارەكەوە فڕێدایە خوارەوە.

. . .

In no time he reached the top of the tree. But then he stopped and thought, “I’m supposed to be the one with all the wisdom, and here my son was cleverer than me!” Anansi was so angry about this that he threw the clay pot down out of the tree.



گۆزەکە شکا و بوو بە هەزارپارچە. ئەوجار زانایی ئازاد بوو بۆ هەموو کەس کە سوودی لێوەربگرێ. بەم جۆرە بوو کە خەڵك فێربوون زەوی بکێڵن، جلوبەرگ بدوروون و کەرەستەش لەئاسن دروست بکەن، و هەموو شتەکانی دیکەش کە خەڵك دەزانن چۆن دروستیان بکەن.

• • •

It smashed into pieces on the ground. The wisdom was free for everyone to share. And that is how people learned to farm, to weave cloth, to make iron tools, and all the other things that people know how to do.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## ئانانسی و زانایی

## Anansi and Wisdom


Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin (ckb)



CC BY